# ئەدەبیات و کولتوور
# مێژووخوازی نوێ و ماتریالیزمی کولتووری

**هانز بێرتێز**
**لە ئینگیلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی**
**(زانکۆی جیهان - هەولێر)**

## پێناسەی کولتوور

ماتیو ئارنۆڵد لە کتێبی "کولتوور و بێ سەرەوبەرەیی"دا کە یەکەم جار ساڵی ١٨٩٦ بڵاو بووەوە و باسی کاریگەرێتی حاشاهەڵنەگری ئەم کتێبەمان لەسەر خوێندنە ئەدەبییەکانی ئینگلیزی و ئەمریکی لە بەشی یەکەم هێنایە ئاراوە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو "بێ سەرەوبەرەیی"یە کە لە سەردێڕی کتێبەکەشدا هاتووە و ئەو وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر پێکهاتەی گشتیی کۆمەڵگەی بریتانی دەزانێت، ئەو چینە کرێکارەیە کە "لەسەر ئەم تایبەتمەندییە خواپێداوە سوور و پێداگرە کە مرۆڤی بریتانی حەزی لە چی دەبێت، دەیکات" بە داخەوە ئەم ئازادییە تاکەکەسییە چینی کرێکار بەرەو "باشترینی ئەو شتەی بیری لێ کراوەتەوە و بە زماندا هاتووە" و بەرەو ڕوانگەی "لە بنەڕەتدا بێ لایەنانە" کە پێداویستیی ناسینی کولتوورە، ڕێنوێنی ناکات، بەڵکو زەمینە خۆشکەری ئەو چالاکی و کات ڕابواردنانەیە کە لە سۆنگەی هیچی و پووچی ئاست نزمییان لە پێگەیەکی دژ بە کولتووردا جێگیرن. سەرچاوەیەکی تری ئەم شپرزەیی و بێ سەرەوبەرەییە لەو سەرمایەدارە پووچ و بەتاڵانەدا ڕیشەی داکوتاوە کە خەریکی ڕۆنانی سیستمێکی ئابووریی سوودخوازانە و نامرۆڤانەن و ئەوانیش لە سۆنگەی زەینییەتی بەرژەوەندی خوازانەیانەوە، ڕێک وەک ئەو کرێکارانەی کە خەریکی چەوساندنەوەیانن، هێندە گوێ نادەنە ئەو شتەی کە ئارنۆڵد ناوی کولتووری لێ دەنێت. وەک چۆن بە ناوی کتێبەکەدا دیارە، کولتوور و بێ سەرەوبەرەیی، پێناسەکەری دژبەرایەتییەکی دوو لایەنەیە لە نێوان کولتوور - کە لە ڕوانگەی ئارنۆڵدەوە بە واتای ڕێکوپێکی و نەزم دێت - لە سەرێکەوە و شێواوی و نەبوونی یاسا لە سەرەکەی ترەوە. وشەی کولتوور بۆ دەلالەت کردن بۆ واتایەک تەرخان کراوە کە زۆربەی هەرە زۆری وێژەوانانی زانکۆیی ئیمڕۆکە بە کولتووری "باڵا"، واتە کولتووری تاقمێکی تایبەتی هەڵبژاردەی کۆمەڵگە، دەیهێننە ئەژمار. ئارنۆڵد هیچ کات ئەم وشەیە بە واتا مرۆڤناسی و کۆمەڵناسییەکەی کە لەم سەردەمەدا پتر بە کار دێن، ئاماژە بە شێوازی ژیان و جیهانبینیی گرۆ جۆراوجۆر و جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکات، وەک چینی کرێکار، بە کار ناهێنێت.

دژبەرایەتیی نێوان کولتوورێکی باڵادەستی پایەبەرزتر، کە لقە ئەدەبییەکەی لە باشترینی ئەو شتەی بیری لێکراوەتەوە و بە زماندا هاتووە پارێزگاری دەکات و ئەو "کولتووره" پلە نزمانەی کە لە مرۆڤناسیدا پێناسەیان بۆ کراوە و بەردەوام وەک هەڕەشە چاویان لێ دەکرێت، لە



**ئیلیەت**

ڕەخنەی ئینگلیزی و ئەمریکیدا بە هێڵێکی سوور دەستنیشان کراوە. ئەم سنووردانانە دژبەرکارانەیە بە ڕاشکاوی لە جیهانی هزری تی.ئێس. ئیلیەت و ئێف.ئار. لیویس-یشدا دەبینرێت. ئیلیەت لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە جیهانی ئۆرگانیک و بە تەواوی ڕێکوپێک و هاوشێوەی ڕێنیسانسیی کۆتایی سەدەی حەڤدەم ڕووبەڕووی "لێکدابڕانی کارەساتاویی هەست و سۆز" بووەوە و لیویس وای بیر دەکردەوە کە ئەم دابڕانە ڕاستەوخۆ بە هۆی پیشەیی بوون و سەرهەڵدانی ئەو شتەی ئەو ناوی دەنێت "شارستانییەتی تەکنۆلۆژیکی-بێنتامی" هاتە ئاراوە. لە ڕاستیدا ئەوە ئەم دژبەرایەتییە لە نێوان کولتووری باڵا و کولتوورەکان، یان شێوازە جۆراوجۆرەکانی - و لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە باڵادەستی - ژیانە کە هەڕەشە لە کولتووری باڵادەست دەکات. ئەم بۆچوونە کە کولتووری باڵا لە ڕەگوڕیشەوە لە شێوەکانی تری کولتووری جیایە و بە شێوەیەکی زاتی لە هەمبەر شێوازەکانی دیکەی خۆدەربڕینی کولتووری، دەورێکی دژبەرکارانەی وەئەستۆیە، پاساودەری ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییە ئەخلاقییەیە کە ڕەخنەی هیومانیستیی کلاسیک بە تاسە و تامەزرۆییەوە دxەیخاتە سەر شانی خۆی. هەست بە دەورە دران و باوەڕ بە کەوتنە بەر شالاوی هێزە دژبەرەکانیش - کە لە دوایین شوێنەواری لیویسدا دەبینرێت - هەر لەم دژبەرایەتییەوە (واتە دژبەرایەتی لە نێوان کولتووری باڵا و کولتووری نزم) ئاو دەخواتەوە.

بە هەمەحاڵ، هەرچەندە ڕەخنەی سوننەتی هەڵوێستێکی توندڕەوانە دژی کولتووری چینی خواروو، یان کولتووری گشتی ڕەچاو دەکات (کە خۆی نابێت ئەم دوو کولتوورە بە یەک شت بزانین، یان لە بری یەکیان بگرین)، هەوڵێکی ئەوتۆ بۆ تاووتوکردن، یان تێگەیشتنی نادات (هەڵبەت یەک دوو حاڵەتی ئاوارتە هەن، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی تاووتەئسیرێکی بەرچاویان نەبووە، لێرەدا خۆ لە باسکردنیان دەبوێرین). ئەم تێڕوانینە لە کۆتاییەکانی دەیەی ١٩٥٠ لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبی "باشییەکانی خوێندەواری: هەندێک لایەنی ژیانی چینی کرێکار بە سرنجدانی تایبەت بۆ بڵاڤۆکەکان و ڕابواردنەکان" نووسراوەی ڕەخنەکاری بریتانی ڕیچارد هاگارت و کتێبی "کولتوور و کۆمەڵگە" نووسراوەی ڕەیمۆند ویلیامز، گۆڕانی بەسەر داهات. هاگارت لەم کتێبەدا شیکردنەوەیەکی هاودڵانە لە دووتوێی کۆمەڵێک بەسەرهاتدا دەخاتە بەر دەست. لەم شیکردنەوەیەدا جەخت دەکرێتە سەر کولتووری چینی کرێکاری یۆرکشایر لە دەیەکانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠دا هەروەها خوێندنەوەیەکی وردی گۆڤارە هەمەپەسندەکانی ئەو سەردەمیش پاژێک لەم کتێبە پێکدەهێنێت. ویلیامزیش لەم کتێبەدا شوێن پێی ڕەوتی گۆڕانکارییە کولتوورییەکانی بریتانیا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەمەوە تا سەروبەندی نووسینی کتێبەکەی هەڵدەگرێت.

هاگارت و ویلیامز مامۆستایانی ئەدیب و وێژەوانی زانکۆ بوون. هاگارت لایەنگری ڕوانگەی هیومانیستی بوو و ویلیامزی ڕێبازی مارکسیستیی دەگرتە بەر و هەر دوویان پێداگرییان لەسەر تایبەتمەندیگەلی پڕ بەها و ژیان پێکهێنی کولتوور دەکرد، بە تایبەتی کولتووری چینی کرێکار کە لە گۆشەنیگای کولتووری باڵاوە سەرکۆنە دەکرا و لەبەر چاو نەدەگیرا. لێرەدا نموونەیەک لە تێڕوانینی بەبڕشت، بەڵام هاودڵانەی هاگارت دەخەینە بەردەست. هاگارت ئەم خاڵە دەسەلمێنێت کە ئەو گۆڤارانەی بۆ چینی کرێکار چاپ دەکرێن و ئەو چیرۆکانەی کە پتر بۆ خوێنەرانی کچ و ژنیان بڵاو دەبێتەوە، بە گشتی "پلە نزم و شەرمهێنن"، لە دواییدا بەردەوام دەبێت و بە پێداگرییەوە دەڵێت: "سەرباری ئەمە

هەست و سۆز و کەشوهەوای ژیانی ئەو تاقمەیان تێدایە کە بەردەنگی ئەم چەشنە نووسراوەیەن". (دەستەواژەی "هەست و سۆز و کەشوهەوای ژیان" نیشاندەری ئەوەیە کە هاگارت قوتابی لیویس بووە). هاگارت بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "زۆربەی بابەتەکان ئاساین، واتە ڕەنگدانەوەی ڕوانگەی خوێنەرەکانیانن، بەڵام ئەم تێڕوانینانە بە هیچ کلۆجێک ئەوەندەی کە لەوانەیە کەسێک لە یەکەم ڕوانیندا پێی وا بێت، گاڵتەجارانە نییە". کولتووری چینی کرێکار سادە و ساکار و ئەرێنییە و دەورێکی گرینگ لە ژیانی ملیۆنان کەس دەگێڕێت.

بەو حاڵەشەوە، کتێبەکەی هاگارت، هەرچەندە لە بەزاندنی سنووری جیاکەرەوەی ئەدەبیات لە بابەتی بازاڕی سڵ ناکاتەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان سەر لە نوێ کۆنە باسی ڕەسەنایەتی و نەبوونی ڕەسەنایەتی دەبووژێنێتەوە. هاگارت گۆڤارە قەدیمیتر و نەریتیترەکانی چینی کرێکار بە ڕەسەنتر دەزانێت (جۆرێک "هەست و سۆز و کەشوهەوای ژیان") و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە گۆڤارە نوێترەکان خۆیان داوەتە دەست چەشنێک بەرەڵڵایی و ناڕەسەنییەک کە بێ گومان پیشاندەری بەکاڵا بوونی ئەم ژانرە دوا بە دوای شەڕە و هەروەتر سیاسەتێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوە بۆ دەستەبەرکردنی بالاترین ڕێژەی فرۆشتن – بەرزترین ڕێژەی قازانج – بە قیمەتی بە قوربانی کردنی هاودڵی و دڵپاکی. شێوەیەکی نوێ و خەڵک خەڵەتێنانەی کولتووری گشتی خەریکە جێ بە کولتوورێکی گشتیی کۆن چۆڵ دەکات، کولتوورێ کە تێیدا سیستمێک لە بەها هاوبەشەکانی نێوان بلاوکەرەوە و نووسەر لە لایەک و بەردەنگ لە لایەکی تر، پێوەندییان پێکدەهێنا. لەم کولتووره نوێیەدا بەردەنگ تەنیا لەبەر ئەوە هەیە کە بچەوسێنەوە. ڕێک وەک چۆن لە ڕوانگەی لیویسەوە، ئەدەبیاتی "جددی" زۆر "ڕاستەقینەتر" لە بابەتگەلی گۆڤارە هەمەپەسندەکانە؛ لە ڕوانگەی هاگارتیشەوە ئەو شتەی لە گۆڤارە نەریتییەکاندا بلاو دەبێتەوە، زۆر "ڕاستەقینەتر" لە بەرەڵڵایی و شتە بێ ماناکانی گۆڤارە هەمەپەسندەکانی ئیمڕۆکەیە. لە تێڕوانینەکانی ویلیامزدا، کە ئەویش قوتابی لیویس بووە، ڕەنگدانەوەی داگەران بۆ کولتوورێکی ئۆرگانیک و هاوشێوە دەبینین. ویلیامز لە دوایین بەشی کتێبی "کولتوور و کۆمەڵگە"دا دەڵێت: "ئێمە پێویستمان بە کولتوورێکی هاوبەشە، چونکە بە بێ کولتوورێکی لەم چەشنە، ناتوانین لەسەر ژیانی خۆمان بەردەوام بین" (ویلیامز، ١٩٦١:٣٠٤). سەیر لەوە دایە کە ئەو باش دەزانێت لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پتر لە تاقە یەک کولتوور بوونی هەیە. بەڕای ویلیامز، کولتوور واتە "شێواز و شێوەی گشتیی ژیان" کە دوا تایبەتمەندییەکەی بریتییە لەو "بۆچوونانەی کە لە مەڕ سریشتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان" هەیەتی. (بۆ وێنە، لە بابەت کولتووری چینی کرێکار"پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان" لە ڕێگەی یەکێتی و یەک ڕیزییەوە دیاری دەکرێت، بەڵام پێکەوە ژیانی کولتووره جیاوازەکان وەک کولتووری چینی مام ناوەند و چینەکانی خواروو، بە واتای نەبوونی کولتووری هاوبەش نییە:"لە کولتووری ئێمەدا، وەک گشتێک، هەم کارلێکێکی بەردەوام لە نێوان شێوە جۆراوجۆرەکانی ژیان لە ئارا دایە، هەمیش پانتاییەکی هاوبەش و بنچینەیی". پاشان تەشەنەسەندنی ئەم کولتووره هاوبەشە بە گەشەسەندنێکی ئۆرگانیک دەهێنێتە ئەژمار کە لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگاوە چاودێری دەکرێت:"بیرۆکەی کولتووری هاوبەش...بیرۆکەی گەشەکردنی سروشتی و چاودێری کردنەکەی لە یەک کاتدا دەخاتە پاڵ یەک". هاگارت و بە تایبەتی ویلیامز بواری توێژینەوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی زۆر فراوان دەکەن و ویلیامز ئەگەرچی "گرینگایەتی سەرەکی" دەداتە لایەنی ئەدەبیات، واتایەکی لە بنەماوە مرۆڤناسانە لە کولتوور دەخاتە بەر دەست:

تەنیا لە ڕێگەی سەرچاوەی پاراوی ئەدەبیاتەوە نییە کە ئەزموونی خەڵکانی تر دەناسین، بەڵکو مێژوو، بیناسازی، شێوەکاری، مۆسیقا، فەلسەفە، خواناسی و تیوریی کۆمەڵایەتی، زانستە فیزیکی و سروشتییەکان، مرۆڤناسی و هەڵبەت گشتێتیی زانستیش لەو سەرچاوانەن کە ئەزموون تێیاندا بە شێوەیەکی فۆرمی تۆمار کراوە، ئەگەر مرۆڤێکی ئاوەزمەند بین، سۆراغی ئەو ئەزموونانەش دەگرین کە بە شێوەگەلی تر لە شێواز و دابونەریت و بیرەوەرییە بنەماڵییەکاندا تۆمار کراوە.

هەرچەندە زۆربەی ڕەخنەکارانی ئەم سەردەمە هاگارت و ویلیامز، لە سۆنگەی ئەو پێگە هەرە باشەی کە بۆ ڕەسەنایەتی و ڕێکوپێکی ئۆرگانیک قایلن، سەر بە ڕێبازێکی فیکری کۆنتر دەهێننە ئەژمار، لە ڕاستیدا ئەو شتەی ئێستا بە "توێژینەوەگەلی کولتووری" ناودێری دەکەین لەسەر دەستی شوێنەوار و بەرهەمەکانی ئەوان بووەتە یەکێک لە بوارە ڕێگا پێدراوەکانی هۆگریی



فووکۆ

مامۆستایانی زانکۆ و ئەم گۆڕانکارییە فیکرییە لەسەر دێڕی ئەو نامیلکەیەشدا کە هاگارت ساڵی ١٩٦٩ بڵاوی کردەوە وەبەر چاو دەکەوێت:"توێژینەوە کولتوورییەکانی هاوچەرخ: تێڕوانینێک بۆ توێژینەوە لە ئەدەبیات و کۆمەڵگە". لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٧٠-ەوە، ڕەخنەکارانی ئەدەبی بواری کاروباری خۆیان بەربڵاوتر کرد و لە پێوەندی نێوان ئەدەبیات و کۆمەڵگە کە هاگارت باسی دەکات زۆر ئەولاتر تێپەڕین. ویلیامز کاریگەرێتییەکی فراوانی لەم ڕەوتەدا هەبووە، بەڵام هاگارت کە بەڕێوەبەری ناوەندی توێژینەوەگەلی کولتووریی هاوچەرخ لە زانکۆی بیرمینگام بوو، لە پەرەپێدانی بەرچاوی بواری توێژینەوەگەلی ئەدەبی و پەرەپێدانی بۆ بوارەکانی تر دەورێکی کاریگەر و دیاریکەری گێڕا. ئەو ڕەوتەی کە لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٧٠-ەوە بینیومانە و لەو کاتەشەوە بەدوا لەگەڵ ئەو گومان تەوەرییەی پاش پێکهاتەخوازان لە بابەت جیاوازیی گریمانەیی دەقگەلی ئەدەبی لە نائەدەبی ڕەهەندی زۆر بەربڵاوتری بە خۆوەگرت. هەڵبەت لە سەردەمی هاگارت و ویلیامزەوە، گۆڕانکاریی زۆر بنەمایی لە توێژینەوەگەلی کولتووریدا هاتووەتە ئاراوە. لە دەیەکانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ زۆربەی هەرە زۆری کاربەدەستانی توێژینەوە کولتوورییەکان بە چاولێکەری لە پاش پێکهاتەخوازان حاشایان لە بوونی سەرچاوە و ئامادەبوون و ڕێکوپێکی کرد و لەو تێڕوانینانەی کە کولتووریان بە پێی ڕەسەنایەتی و ڕێکوپێکییەکی ئۆرگانیک پێناسە دەکرد دوور کەوتنەوە و ڕوویان لەو ڕوانگانە کرد کە بە فراوانی کاریگەریی هزری دریدا و فووکۆیان پێوە دیارە. کولتوور، چ کولتووری دەوڵەمەندانەی ڕێنیسانسی ئینگلیزی و چ کولتووری لایەنگرانی هەنووکەیی تۆپێن، لەم سەردەمەدا وەک دیاردەیەکی دەستکرد دێتە ئەژمار؛ بەو واتایە کە کولتوور هەموو کات چێ دەکرێت و هەمووکات دوا بەرهەم دڵخوازانەیە و بە کۆمەڵێکی لە بن نەهاتووی کارلێک و دانوستان بەستراوەتەوە. هیچ کولتوورێک بۆی نییە لافی ڕەسەن بوون لێ بدات - هەرچەندە زۆربەی کولتوورەکان زۆربەی جار لافی وا لێدەدەن - و هیچ کولتوورێک ناتوانێت ئێمە بەو هەقیقەتانە بگەیەنێت کە لەوپەڕی خۆی و فووکۆ گوتەنی، لەوپەڕی گوتاری خۆی دایە.

## مێژووخوازی نوێ و ماتریالیزمی کولتووری

دەستکرد بوونی کولتوور و پەیوەست بوونی بە توێژینەوە ئەدەبییەکان لە دوو شێوازی سەرەکیی ڕەخنەی هاوچەرخدا خاوەنی گرینگایەتییە: مێژووخوازی نوێ، کە لە بنەڕەتدا تێڕوانینێکی ئەمریکییە و لە ئاستێکی بەرچاودا ئەمریکی ماوەتەوە و ماتریالیزمی کولتووری، کە تێڕوانینێکی پتر ئینگلیزییە و بە ئینگلیزیش ماوەتەوە.

سەرەتا خاڵە هاوبەشەکانی ئەم دوو تێڕوانینە دەخەینە بەرباس، پاشان هەر کامیان بە جیا شی دەکەینەوە: یەکەم خاڵ ئەوەیە کە هەر دووکی ئەم تێڕوانینانە ئاوێتەیەک لە داگەڕانە مارکسیستی و پاش پێکهاتەخوازانە و بە تایبەتی بۆچوونگەلی پاش پێکهاتەخوازانە لە بابەت خود، گوتار و دەسەڵاتیان هێنایە نێو توێژینەوە نەریتییەکانی ئەدەبیاتی ڕێنیسانسی، بە تایبەتی شوێنەواری شێکسپیر. بە سرنج گرتن لەوەی کە مێژووخوازی نوێ پتر بۆ لای شێوەی فووکۆیی پاش پێکهاتەخوازی و چەمکی دەسەڵات (بە مانا فووکۆییەکەی) و ئەو گوتارانەی کە وەک هەڵگرانی دەسەڵات وەگەڕ دەکەون، لەسەر بیچم پێدان بە ناسنامە و...تاد، دادەگەڕا، لە کاتێکدا ماتریالیزمی کولتووری پتر مەیلی بوو بۆ لای ڕوانگەی مارکسیستیی ڕیمۆند ویلیامز (کە ساڵی ١٩٧٩ لە کتێبی "مارکسیزم و ئەدەبیات"دا خۆی دەستەواژەی "ماتریالیزمی کولتووری"

داهێنا) و سەرنجی دایە ئایدیۆلۆژی و دەوری ڕێکخراوەکان و ئەگەرەکانی تێکڕووخان (یان دژایەتی، کە هەندێک لە ماتریالیستە کولتوورییەکان وایان پێ باشترە لە بری تێکڕووخان بە کاری بهێنن).

ئاشکرایە کە بە لەبەرچاو گرتنی ئەم پاش زەمینە فیکرییە، مێژووخوازی نوێ و ماتریالیزمی کولتووری نکوولّی لە سەربەخۆیی و هەروەتر مرخی تاکەکەسیی نووسەر و خۆبژێوی بەرهەمی ئەدەبی دەکەن و پێیان وایە دەقی ئەدەبی لە زەمینە و تانوپۆی مێژوویی خۆی قابیلی جیابوونەوە نییە. دەوری نووسەر بە تەواوەتی وەپشتگوێ ناخرێت، بەڵام ئەمە دەورێکە کە لە باشترین دۆخدا تەنیا تا ڕادەیەک لە ژێر ڕکێفی خۆیدایە و زۆرتر ئەوە بارودۆخ و هەلومەرجی مێژووییە کە دەوری نووسەر دەستنیشان دەکات. ستیون گرینبلات، ئەو ڕەخنەکارە هەڵکەوتەیەی کە لە بواری مێژووخوازی نوێدا دەستی هەیە، لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "بەرهەمی هونەری حاسڵی کارلێکی نێوان داهێنەرێک، یان چینێک، یان تاقمێک داهێنەرە کە لە نێوانیاندا کۆمەڵێکی پڕ پێچوپەنای گرێبەست و بنکە و شێوازە کۆمەڵایەتییەکان هاوبەشە". کەواتە دەقی ئەدەبی هەمووکات پاژێکە لە سیستمێکی زۆر بەربڵاوتری کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری. دەقی ئەدەبی کە بێ گومان شوێن وەرگرتوو لە چرکەساتی مێژوویی داهێنانی خۆیەتی، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی مێژوو دەبێتەوە. ڕەخنەی ئەدەبی، بە پێچەوانەی ڕوانگەی زاڵی ڕەخنەی ئینگلیزی-ئەمریکی، سنوورەکانی کات و شوێنی خۆی نابەزێنێت و ڕەگەزێکی کەلامیی پابەندی کات و شوێنە، کە هەموو کات بە جۆرێک لە جۆرەکان سیاسییە، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی ناچارەکی پێوەندیی بە گوتار، یان ئایدیۆلۆژیاوە هەیە، بە شێوەیەکی ناچارەکی دەبێتە لە خۆگر و هەڵگری دەسەڵات، هەربۆیە ئەدەبیاتیش وەک هەر دەقێکی تر نەک هەر ڕەنگدەرەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵاتە، بەڵکو چالاکانە و هەڵسووڕاوانە لە سەقامگیر کردن و بیچم پێدانی گوتار و ئایدیۆلۆژییەکاندا پشکدارە، ڕێک وەک چۆن کە نەک هەر لە ئاستی تاکەکەسی - واتە لە ئاستی سووژەدا - بەڵکو لە ئاستی گرووپی و تەنانەت لە ئاستی نەتەوەییدا وەک ئامراز و ئامێری ناسنامە پێکهێن دەستی هەیە. ئەدەبیات بە تەنیا بەرهەمی مێژوو نییە، بەڵکو هەڵسووڕاوانە لە پێکهێنانی مێژوودا کار دەکات. مێژووخوازانی نوێ و ماتریالیستە کولتوورییەکان، ئەدەبیات بە بابەتێکی تایبەتی دەقی باڵا و هەر لە بنەڕەتەوە ئەوپەڕی مێژوویی لە قەڵەم نادەن، هەر چەند لەوانەیە لە باری فۆرمییەوە جیاواز بێت. ئەوان هەر بەو شێوەیە ڕووبەڕووی دەقی ئەدەبی دەبنەوە کە لەوانەیە ڕووبەڕووی هەر دەقێکی تر ببنەوە. لەو ئامانجە تایبەتەی کە ئەمانە بە دوایدا دەگەڕێن - شوێن پێ هەڵگرتن و ڕوونکردنەوەی پێوەندییەکانی دەسەڵات و پرۆسەکانی پێکهێنانی ئایدیۆلۆژی و کولتوور - جیاوازییەک لە نێوان ئەدەبیات و دەقگەلی تر لە ئارادا نییە، جا ئەو دەقانە ئایینی بن، یان سیاسی، یان مێژوویی، یان بەرهەمی ئەو وردە کولتوورە پەراوێزییانە بن کە تا ئێستا وەپشتگوێ خراون.

دواجار بەم بۆچوونەوە کە کولتوور و سەرلەبەری باوەڕ و بەهاکان، بابەتێکی دەسکرد و چێ کراون، مێژووخوازانی نوێ و ماتریالیستە کولتوورییەکان لەسەر ئەم باوەڕەن کە بنەما هزرییەکانی خودی ئەمانیش دەسکردن، هەربۆیە ئەگەر و ئیمکانی ئەوەیان تێدایە کە پێکهاتەیان بشکێندرێت، بەڵام ئەم باوەڕە نابێتە بەربەست لەوەی کە لە ژێر کاریگەرێتیی تێڕوانینێکی سیاسی کە لە هەمبەر موحافیزەکاریی دەیەی ١٩٨٠ (ساڵانی حوکمڕانی ڕیگن لە ئەمریکا و تاچەر لە بریتانیا) خۆڕاگری دەکات، هەڵوێستی تایبەتی سیاسی بگرنە بەر. کاترین گلاگر، ئەو ڕەخنەکارە هەڵکەوتەیەی کە شوێنکەوتووی مێژووخوازی نوێیە، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبێت لە مێژووخوازی نوێ و ماتریالیزمی کولتووری وەک درێژەدەری ڕێگای هەندێک گەڕیانی چەپی نوێ لە کۆتایی دەیەی ١٩٦٠ بڕوانین. وەک چۆن دواتر باسی لێ دەکەین، لە بواری پراکتیکدا - لە بەرانبەر بواری تیوریک - لە مێژووخوازی نوێدا، زۆر کەس هەن ئەم قسەیە ناسەلمێنن.

## مێژووخوازی نوێ

باشە ئەگەر مێژووخوازی نوێ و ماتریالیزمی کولتووری تا ئەم ڕادەیە لایەنی هاوبەشیان هەیە، کەواتە چ شتێک ئەوان لە یەکتری جیا دەکاتەوە؟ یەکێک لە لایەنەکانی جیاوازی ئەم دوو ڕوانگەیە، ئەو دەورەیە کە دەدرێتە پرسی تێکڕووخاندن، یان دژایەتی. بۆ وێنە، ئالن سینفیلد کە یەکێکە لە ماتریالیستە کولتوورییەکان، ئەوە دەڵێت کە مێژووخوازانی نوێ بە وەها مۆدێلێکی

"داخراو"ی کولتوور کار دەکەن کە هیچ شوێن و پێگەیەک بۆ کردەی کاریگەری و گۆڕانکاری ناهێڵنەوە، بەڵام با پێشتر چاوێک بە مێژووی خودی مێژووخوازی نوێ بخشێنین.

ئەگەرچی مێژووخوازی نوێ پێشتر بە کار برابوو، بەڵام ئەوە ساڵی ١٩٨٢ بوو کە ئەم دەستەواژەیە باری مانایی هەنووکەیی خۆی دەستەبەر کرد. لەم ساڵەدا بوو کە ستیون گرینبلات، ڕەخنەکاری ناسراو، لەم دەستەواژەیەدا بە مەبەستی پێناسەکردنی نووسراوەکانی دواتری خۆی و ئەوانی تر لە بابەت سەردەمی ڕێنیسانس، کەڵکی وەرگرت. زۆربەی خاوەن ڕایان ساڵی ١٩٨٠ بە خاڵی دەستپێکی ئەم تێڕوانینە لە قەڵەم دەدەن، چونکە لەم ساڵەدا بوو کە گرینبلات کتێبی "بیچم گرتنی خود لە سەردەمی ڕێنیسانس: لە مورەوە تا شێکسپیر"ی بڵاو کردەوە و لوئیس مانترۆز باسی ئامادە بوونی دەسەڵاتی لە ژانری شوانکارەدا کرد؛ ئەو ژانرەی کە زۆربەی جار پێوەندییەکی لەگەڵ وەگەڕ خستنی دەسەڵات نییە. مانترۆز بە وەشوێن کەوتنی فووکۆ کە پێی وابوو "پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە زاتی خۆیاندا پێوەندی دەسەڵاتن"، لە وتارێکدا بە ناوی "ئێلیزا، شاژنی شوانان و شوانکارەیی دەسەڵات"، دەوری ئەدەبیاتی شوانکارەیی سەردەمی ئێلیزابێتی لە مەڕ "نێوبژیوان کردنی هێماخوازانەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان" تاووتوێ کرد. گرینبلات لە کتێبی "بیچم گرتنی خود لە سەردەمی ڕێنیسانسدا" (کە تێیدا میتودی ڕەخنەکارانەی خۆی بە "بووتیقای کولتوور" ناودێر دەکات) دەڵێت:"لە سەدەی حەڤدەمدا ڕووبەڕووی جۆرە خودئاگاییەکی پەرەستێن دەربارەی بیچم گرتنی ناسنامەی ئینسانی وەک پرۆسەیەکی دەستکرد و قابیلی دەست تێوەردان دەبینەوە". هەر چۆنێک بێت، ناشێت ئەم ڕستەیە بەم شێوەیە لێک بدەینەوە کە مرۆڤەکانی سەردەمی ڕێنیسانس دەیانتوانی ناسنامەیەکی بە ڕاستی سەربەخۆ بۆ خۆیان چێ بکەن. تۆماس موور لەم بارەیەوە دەڵێت، "بارودۆخی" ئەو، یان "پرۆژەی" ئەو بریتییە لە ئەوەی "ژیان وەک کەسایەتییەک کە فڕێدرابێتە سەر سەکۆی ژیان، بژیت، بەردەوام لە هەر چرکە ساتێکدا نەفەسێکی نوێ بە ڕوحی خۆیدا بکات و هەموو کات ئاگاداری ناواقیعی بوونی خۆی بێت"، لە کاتێکدا وایات (شاعیر و سیاسەتوانی بریتانی) "ناتوانێت خودێک بۆ خۆی چێ بکات، لە بەرانبەر ئەو دەسەڵات و ڕێککەوتنانەی کە دەسەڵات کەڵکیان لێ وەردەگرێت. بە پێچەوانە، "خود"ی وایات ڕێک لەسەر بنەمای ئەو ڕێککەوتنانە بیچمی گرتووە". ئاگاداربوونەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لەو شێوازانەی کە "خود" لە ڕێگای ئەوانەوە چێ دەکرێت بووە هۆی ئاگادار بوونەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری ئەوەی کە چۆن چۆنی "خود" دەکەوێتە بەردەم پێوەندییەکانی دەسەڵات و چۆن چۆنی هەموو کات لە نێو کۆمەڵێک پێکهاتەی گەورەتردا وەگەڕ دەکەوێت کە هەموو ڕەوتەکانی بە ڕواڵەت شیاوی بیچم گرتنی "خود"، لە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی ئەواندایە. کتێبی "بیچم گرتنی خود لە سەردەمی ڕێنیسانس" دواجار ئەم تێڕوانینەی پاش پێکهاتەخوازان دەسەلمێنێت کە "خود" هەموو کات شتێکی دەستکردە و ناسنامەی ئێمە هەرگیز بابەتێکی بڕیار لە سەردراو و دیاریکراو نەبووە و نییە، بەڵکو هەمووکات حاسڵی تەعامول و کارلێکە لە نێوان ئەو وێنەیەی کە بە ئاواتی دەخوازین لە مەڕ خۆمان بینوێنین – لە ڕێگای ئەو بەسەرهاتانەی دەیانگێڕینەوە (یان ئەو بابەتانەی دەست بە ڕووبانەوە دەنێین) و وێنە ڕاستەقینەکانی ئێمە – و پێوەندییەکانی دەسەڵات کە ئێمە خۆمان پاژێکین لەو پێوەندییانە. گرینبلات کە ئیلهامی لە هۆگر بوونی فووکۆ لە مەڕ دابڕانە گەورەکانی مێژوو وەرگرتبوو، ناوەڕۆکی سەرەکی ساڵانی دەستپێکی مێژووخوازی نوێی بەم چەشنە ناساند: چۆنیەتی گۆڕانی ئەرکەکانی دەسەڵات و شێوازەکانی چاودێری لەگەڵ سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ کە لەم حاڵەتە تایبەتەدا تێپەڕین بووە لە قۆناغی پێش مۆدێرن بەرەو قۆناغی سەرەتایی مۆدێرن و ئەو باوەڕەی کە لە مەڕ سەربەخۆیی و ئازادی سووژەدا هاتبووە ئاراوە.

کەواتە بۆمان هەیە پێناسەی جان برانیگان لە بابەت مێژووخوازی نوێ پەسند بکەین. ئەو مێژووخوازی نوێ بەم چەشنە پێناسە دەکات:"شێوازێکی ڕاڤەی ڕەخنەکارانەیە کە پێگەیەکی تایبەت بە پێوەندییەکانی دەسەڵات دەدات وەک گرینگترین تانوپۆی هەرچی دەقە". دواتر لەسەر ئەم بابەتە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"مێژووخوازی نوێ شێوازێکی ڕەخنەکارانەیە کە دەقی ئەدەبی وەک پانتاییەک چاو لێ دەکات کە تێیدا پێوەندییەکانی دەسەڵات ئاشکرا دەبن". دیارە لێرەدا مەبەست لە دەسەڵات، دەسەڵاتی فیزیکی و تەنانەت پێداویستیی سەرچاوەگرتوو لە دروست کردنی زەخت و گوشار نییە، هەرچەندە زۆربەی جار دەسەڵات خاوەنی

دۆخێکە کە بۆی هەیە لە هەڕەشەکردن بە مەبەستی وەگەڕ خستنی توندوتیژی فیزیکی لە پێناوی سەقامگیر کردنی خۆیدا کەڵک وەربگرێت. لەم بوارە هزرییەی فووکۆییدا، دەسەڵات لە ڕێگای گوتارەکانەوە وەگەڕ دەکەوێت و وەک ئایدیۆلۆژی، ئەم باوەڕە لە هەناوی سووژەدا دەچێنێت کە بە جێ دەستوور و فەرمانەکانی دەسەڵات سروشتیترین شتێکە کە دەکرێت بکرێت، هەر بۆیە بڕیارێکە سەربەخۆیانە و لەسەر بنەمای سەربەستی. دەسەڵات ناشێت ناچارەکی سەرکوتکەر بێتە بەر چاو، چونکە لە ڕاستیدا سووژە دەکاتە چاو و چاودێری خۆی. "براگەورە"کەی جۆرج ئۆروێل لە ناخی زەینەکانەوە ئاگای لە ئێمەیە. مێژووخوازانی نوێ لەسەر ئەو باوەڕەن ئەدەبیات هەڵسووڕاوانە لە ڕێگای بەشداری کردن لە شێوازەکانی گوتارئامێز بۆ بیچم پێدان بە مێژوو دەور دەگێڕێت. وەک نموونەیەکی تر دەکرێت ئاماژە بە وتاری لوئیس مانترۆز بە ناوی "بیچم گرتنی فانتیزی: جنسییەت و دەسەڵات لە کولتووری ئێلیزابێتی-دا" (١٩٨٣) بکرێت. لەم وتارەدا شەبەنگێکی بەربڵاوی دەقی جۆراوجۆر - وەک ژیاننامەی تاکەکەسی، سەفەرنامە و شانۆنامەیەکی شێکسپیر - تاووتو کراوە بۆ ئەوەی نیشان بدرێت کە چۆن چۆنی کۆمەڵێک وێنا کردنی شاژنی ئێلیزابێتی یەکەم - واتە هەر ئەو فانتیزییەی کە لە سەردێڕی وتارەکەدا هاتووە - یارمەتیدەری خوڵقاندنی بتێک بووە بە ناوی "شاژنی بوخچە نەکراوە".

ئەمە نە مێژووی ئەدەبیاتە و نە مێژووی کولتوور، لانی کەم مێژووی کولتوور نییە بەو واتایەی کە وەک لقێک لە بوارێکی زۆر بەربڵاوتری مێژوو لە دەیەی ١٩٧٠-دا بیچمی گرت. مێژووخوازی نوێ (هەروەتر ماتریالیزمی کولتووری) درێژەدەری ئەو نەریتە فووکۆییەیە کە سرنج دەگرێتە ئەو سەرچاوە و ژێدەرانەی دەسەڵات کە تا ئێستاکە بە شاراوەیی مابوونەوە و گومانیان لای کەس دروست نەکردووە و خۆی بەم پرسەوە خەریک کردووە کە چۆن چۆنی دەسەڵات بە مەبەستی سەرکوت کردن و بەرەو پەراوێز بردنی گێڕانەوە و گوتارەکانی لایەنی نەیارە. میتودەکانی مێژووخوازی نوێ، هەڵبەت ئەوەندەی بکرێت و بشێت باس لە میتودێک بوونیان بکرێت، پتر پشت ئەستوور بە میتودەکانی مرۆڤناسین تا میتودەکانی ڕەخنەی ئەدەبی - ئەگەرچی میتودی خوێندنەوەی وردیش بە بەربڵاوی کەڵکی لێ وەردەگیرێت - یان میتودەکانی مێژوویی. بارودۆخی مێژوویی، وەک بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری، داهێنانی دەقێکی ئەدەبی تایبەت، یان زانیارییەکانی پێوەندیدار بە ژیانی داهێنەرەکەی، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەدەبیات ناخوێنرێتەوە، هەروەتر ئەدەبیاتیش بە مەبەستی ئەوەی تیشکێکی ڕاستەوخۆ بپرژێتە سەر مێژوو، ناخوێندرێتەوە، بەڵکو سەردەمی مێژوویی بەرباس وەک کولتوورێکی تەریک کەوتە لە قەڵەم دەدرێت کە دەرکەوتە جۆراوجۆرەکانی گوتارئامێزی ئەو سەردەمە - واتە ئەو دەقە جۆراوجۆرانەی کە کەوتوونەتە دەست ئێمە و بوونەتە بابەتی کاری ئێمە - دەشێت سرنجی وردیان تێبگرێت و لە پاڵ یەکتر تاووتو بکرێن بۆ ئەوەی ئەگەری ئەوە بێتە ئاراوە پێوەندییەکانی دەسەڵات و ئەو هێزانەی لەو کولتوورەدا کار دەکەن، وێنا بکرێن. ئەو خاڵە گرینگ نییە کە لە گۆشەنیگایەکەوە هەوڵ دەدەین ئەو پێوەندییانە وێنا بکەین؛ نێوبانگی مێژووخوازی نوێی سەرەتا لە دەیەی ١٩٨٠ لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەو دەقانە دەست پێکرد کە وێدەچوون حیکایەت بن. پاشان ئەوە نیشان درا کە هەر ئەم بە ڕواڵەت حیکایەتانە تا چ ڕادەیەک پێوەندییان بە بابەتی بەرباسی ئەوانەوە هەیە، لەو سۆنگەیەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی هەژموونییەکی تایبەت (ئەو وشەیەی گرامشی بە کاری هێناوە) یان ئایدیۆلۆژیی زاڵ و باڵادەست، هەموو شتێک پێوەندییان بە یەکەوە هەیە، لەبەر ئەوەی هیچ دەقێک نییە لە پێگەیەکی بەرزتردا بێت، هەموو کات لە سەنگوسووک کردنی کولتوورەکانی ڕابردوو ئەگەری دەست پێ ڕاگەیشتن بەو شتەی بەرباسە، بوونی هەیە. مێژووخوازی نوێ لە تاووتوکردنی پێوەندییەکانی دەسەڵاتدا شوێن پێی شێوەکانی ئەو گوتارانە هەڵدەگرێت کە دەسەڵات ڕەچاوی دەکات، ، واتە جوانکاری و فڕتوفێڵەکانی ڕەوانبێژی. ئەو جیاکارییانەی کە لە تێڕوانینەکانی تر بۆ خوێندنە ئەدەبی و نائەدەبییەکان، یان جیاکاری نێوان ژێرخانی ئابووری و سەرخانی کولتووری لە ئارادان، لەم تێڕوانینەدا جێگە و پێگەیەکیان نییە. هەموو شتێک بریتییە لە کولتوور و کولتووریش بۆی هەیە وەک دەقێکی ئەدەبی بخوێندرێتەوە و لێک بدرێتەوە. مێژووخوازی نوێ، لە میتودناسییەکەیدا، کە ئەوەندەش بناغەکەی پتەو نییە، منەتباری مرۆڤناسیی ئەمریکی، کلیفۆرد گریتزە، نەک تەنیا لەبەر پێداگرتنی ئەو لەسەر ئەوەی کە گشتێتیی

کولتوور "دەسکردە" و بە بێ هیچ ئاخێزگەیەک وەدوای کۆمەڵێک ئامانجی پراکتیک دەکەوێت - ئەو تێڕوانینەی کە کەموزۆر لەگەڵ تێڕوانینی پاش پێکهاتەخوازی لە مەڕ کولتوور هاوئاراستەیە - بەڵکو هەروەتر لە سۆنگەی میتودی "وەسفکردنی وردەکارانە" کە ئەو ڕەچاوی دەکرد و بریتییە لە لێکدانەوەی پشت ئەستوور بە بینینی ورد و هەمەلایەنەی ڕەوتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان. ڕەخنەی مەیلەو مێژووخوازی نوێ پرسی توێژینەوەی بەربڵاو لە "میتودە گوتارییەکان" و تاووتەئسیری سەرکوتکەرانەی ئەو میتودانەی لە گریتز و فووکۆ وەرگرتووە.

ئەم شێوە ڕەخنەیە وەک باسی لێکرا بە خەستوخۆڵی کاریگەریی هزری فووکۆی لەسەرە. لە دژایەتی کردنی تێڕوانینی فووکۆ لە مەڕ دەسەڵات و تاووتەئسیرەکانی باسوخواسی فراوان هاتووەتە ئاراوە، بەڵام هەڵسەنگاندنی ئێمە بە هەر بارێکدا بشکێتەوە، ناکرێت ئەم خاڵە وەپشتگوێ بخرێت کە فووکۆ لە بابەت ئەگەر و ئیمکانی خۆڕاگری بە هیچ کلۆجێک گەشبین نییە. لە وتارێکی زۆر گرینگدا بە ناوی "گوللە نادیارەکان" کە ساڵی ١٩٨١ بڵاو کرایەوە، ستیون گرینبلات هەر هەمان تێڕوانینی ڕەشبینانەی فووکۆ دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت، تێکڕووخاندنی ڕێنیسانس گەمەی ناچارەکیی دەسەڵات بوو. لە ڕاستیدا، دەسەڵات پێویستی بە تێکڕووخاندنە و چالاکانە و هەڵسووڕاوانە کردەی ڕووخێنەرانە بە ئەنجام دەگەیەنێت: "تێکڕووخاندن حاسڵی دەسەڵاتە و لەوەدا ڕێی دەرباز بوونێک لە گۆڕێدا نییە". هەڵبەت وا نییە بڵێین سەرلەبەری ڕەخنەکارانی مێژووخوازی نوێ، ئەم تێڕوانینە ڕەشبینانەیە دەسەلمێنن؛ ئەو تێڕوانینەی کە لە گۆشەنیگای هەندێک لە خاوەن ڕایان هەوێنی گومان کردن لە دەروەست بوونی مێژووخوازی نوێیە لە هەمبەر سیاسەتێکی ڕزگاریبەخشانە و پێشکەوتنخوازانە، تەنانەت گرینبلات خۆی لە هەمبەر ئەم چەشنە ڕەخنانە، یەک لەوان ئەم قسەیەی ئالێن سینفیلد کە مێژووخوازی نوێ پشت بە مۆدێلێکی "داخراو"، یان "بە سەر تەڵەدا کەوتوو" دەبەستێت و کاری پێدەکات، پارێزگاری لە خۆی دەکات. سەرباری ئەوە، هەرچەندە دەڵێت: "بکەر بوون هەر لە بنەڕەتەوە بابەتێکی ناچارەکییە و دەرباز بوون لێی ئیمکانی نییە"، دەستبەجێ لە بەردەوامی بابەتەکەیدا، بە شێوەیەکی زۆر بەرتەسک بکەربوون وەسف و وێنا دەکات:

مێژووخوازی نوێ، بەو شێوەیەی من تێی گەیشتووم، پرۆسە مێژووییەکان بە بابەتی نەگۆڕ و دابڕاو لە قەڵەم نادات، بەڵام عەبدالی دۆزینەوەی ئەو بەربەست و لەمپەرانەیە کە لەسەر ڕێی کردەی تاکەکەسی دادەندرێن: ئەو کردەوانەی کە وێ دەچێت تاک بن وەک فرەکراو دەنوێندرێن؛ دەسەڵاتی بە ڕواڵەت تاکی مرخی تاکەکەسی لە کۆتوبەندی هێزی هەرەوەزیی کۆمەڵگادایە؛ جووڵەیەکی دژبەر لەوانەیە ڕەگەزێک بێت لە پرۆسەیەکی شەرعییەت پێدەر، بەڵام هەوڵدان لە پێناوی سەقامگیر کردنی نەزم و ڕێکوپێکی شتەکان، ئەو جووڵەیە ڕادەگرێت و سەرکوتی دەکات.

بە هەموو چەشنێ، بەرگرییەکەی گرینبلات هەموو ڕەخنەکارانی پێ‌مل نەکردووە. جان برانیگان لە مشتومڕێکدا کە لەم دواییانە لەسەر مێژووخوازی نوێ بڵاوی کردووەتەوە ئەم قسەیەی دووپات دەکاتەوە کە لە سۆنگەی ئەوەی خۆڕاگری هەمووکات لەسەر دەستی ئەو دەسەڵاتە بەرهەم دێت کە هەر ئەو خۆڕاگرییە هەوڵی تێکڕووخانێتی، "مێژووخوازی نوێ بە پێداگرتن لەسەر ئەوەی هیچ پانتاییەکی کاریگەر بۆ خۆڕاگری بوونی نییە، ڕوو دەکاتە خوێندنەوەیەکی ناهومێدکەرانە".

مێژووخوازانی نوێ لەم خاڵە ئاگادارن کە ئازادی دواجار بەرتەسک و سنووورداری سووژە لە پێوەندی دەگەڵ گوتاری هەژموونیکی (دەسەڵاتداری) کولتوور و پێوەندی ناچارەکی ئەو سووژەیە لەگەڵ ئەو گوتارە لە سەردەمی ڕێنیسانسدا کۆتایی پێ نەهاتووە. لوئیس مانترۆز لەم بارەیەوە دەڵێت: "داگەڕانێکی خۆڕاگر و پرپێچوپەنام هەیە بۆ پاراستن و بەرهەم هێنانەوەی هەر ئەو بنکە و پێکهاتانەی کە خوازیارم لە کار و کردەوەیاندا گومان بکەم". بە گشتی، مێژووخوازانی نوێش وەک ماتریالیستە کولتوورییەکان، باش دەزانن کە تێگەیشتنیان بۆ دەقە مێژووییەکان لە ئاستێکی بەرچاودا لە ڕێگای هەر ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی-مێژووییانەوە بیچمی گرتووە کە خۆیان پاژێکن لەوان ئەگەر ئەو دەقانەی کە ئەوان لێی دەکۆڵنەوە، لە ئاستێکی بەرچاودا شوێن وەرگرتوو لە ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی داهێنەرەکەیانە، کەواتە بێ گومان هەر ئەم خاڵە دەشێت لە بابەت ئەو دەقانەی کە ئەمانە خۆشیان نووسیویانە، وەراست بگەڕێت.

کەواتە ئەو باسوخواسەی کە مێژووخوازانی نوێ هێناویانەتە ئاراوە، هەموو کات تا ڕادەیەک بەرهەمی

دۆخی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی و پێکهاتەیی داهێنەرن، هەر بۆیە ڕێژەیی و مەرجدارن. لێرەدا بۆمان هەیە ئەم پرسیارە بهێنینە ئاراوە، ئەگەر پێشەکی دەزانین کە سەرومڕی ئەو باسانەی مێژووخوازانی نوێ بەرهەمی دەهێنن کەموکوڕییان تێدایە و هەر بۆیە ناکامڵ و نیوەچڵن، کە وایە حاسڵ و دەسکەوتی توێژینەوەکانی مێژووخوازی نوێ چییە و لە چیدایە؟ وەڵامێکی گرینگ کە بۆ ئەم پرسیارە مەزەندە دەکرێت، ئەمەیە کە باسوخواسەکانی مێژووخوازانی نوێ دەربارەی ڕابردوو، سەرباری ئەوەی هەڵگری گەلێ کەمایەسین، پێوەندی بە دۆخی هاوچەرخی ئێمەوە هەیە. بە شێوەیەکی ناچارەکی، ئێمەش لە هەناوی ئەو گوتارانەدا دەژین کە لانی کەم تا ڕادەیەک لە شکڵ پێبەخشین و بیچم پێدانی ئێمەدا دەستیان هەبووە و کاریگەر بوونە. بە هەمە حاڵ، وەک چۆن مانترۆز دەڵێت، ئەگەرچی "ئەگەرو ئیمکانی بکەر بوونی سیاسی و پێکهاتەیی ناشێت لەسەر بنەمای وەهمی ڕاکردن و دەرباز بوون لە ئایدیۆلۆژی دامەزرێت، خودی ئاگادار بوون لە بوونی هەمەلایەنە و دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی ڕەنگبێت دەرەتانێک بۆ هەناسەدان برەخسێنێت:

پرۆسەی ژیانی تاکەکەسی (سووژەئاسا) لە ململانێ و دژبەرییەکانی دەرووندا، یان لە نێوان ئایدیۆلۆژییەکاندا هەلی ئەزموون کردنی هەندێک لایەنی ئەم سەرچڵییە لە نێو هەندێک برگەی دەروونیی کورت خایەن دێنێتە ئاراوە -، واتە ئەگەری خوێندنەوەی بەشێک لە کتێبی ئایدیۆلۆژیکی لەسەر دەستی بەشێکی تر. ئەو زانستە خۆ وورووژێنەی (reflexive) کە وەها کورت خایەن و ڕێژەییە، بە هەمەحاڵ لەوانەیە هێزی بکەر بوون بخاتە نێو دەستی سووژەوە.

ئاگادار بوون لەو دەورەی کە گوتارەکان لە بیچم پێدانی ئێمەدا دەیگێڕن و ئەگەری وەدی هێنانی زەمینەی ڕووبەڕووبوونەوەی گوتارە دژبەر و نەیارەکان و لە ئاکامدا تێک تەپانی ئەو گوتارانە لە ناوەوە، لەوانەیە جێگەیەک بۆ هزر و کردەی کەموزۆر سەربەخۆ بکاتەوە؛ ئەو هزر و کردەیەی کە بۆی هەیە تاووتەئسیری ڕزگاریدەرانەی هەبێت. گریمانەی ئێمە ئەوەیە کە ئەو خۆراگرییەی بەم چەشنە هاتووەتە گۆڕێ، بەرهەمی دەسەڵات نییە، بەڵکو بەراستی تێکڕووخێنەرە.

ئەم بەشەی کتێبەکەمان بە هێنانە بەرباسی چەند خاڵ بە کۆتایی دەگەیەنین. تا ئێستا ئەم بۆچوونەم هێناوەتە ئاراوە کە مێژووخوازی نوێ تەنیا پێوەندی بە ڕێنیسانسەوە هەیە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە مێژووخوازی نوێ لە ڕێگای توێژینەوە لە ڕێنیسانس هاتە نێو مەیدانەوە و لەم بوارەدا شۆڕشێکی ڕاستەقینەی بەرپا کرد تا نیوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٨٠ تێڕوانینگەلی پشت ئەستوور بە مێژووخوازی نوێ سنووری توێژینەوەکانی خۆیان بەرەو خوێندنەوەی سەردەمەکانی تریش پەرە پێ دا، بۆ نموونە، لە سەردەمی ڤیکتۆریاشیان کۆڵییەوە. لە دەیەی ١٩٩٠دا دەبینین ڕەخنەکارانی مێژووخوازی نوێ ئیتر خۆیان بە هیچ سەردەمانێکی تایبەت نابەستنەوە. خاڵی دووەم کە لە بۆ ماتریالیستە کولتوورییەکانیش وەڕاست دەگەڕێت، ئەوەیە کە لە ئاخروئۆخری دەیەی ١٩٨٠ و سەرەتاکانی دەیەی ١٩٩٠، هێڵە سنوورییەکانی نێوان مێژووخوازی نوێ (ماتریالیزمی کولتووری) لە لایەک و فێمینیزم و توێژینەوەکانی تازە سەرهەڵداوی پاش کۆلۆنیالیزم لە لایەکی تر، بەرەبەرە کاڵ بوونەوە و سڕدرانەوە.

بۆ وێنە، کتێبی گرینبلات بە ناوی "کۆلۆنیالە سەیروسەمەرەکان: سەیروسەمەرەییەکانی سەردەمی ئێمە" کە ساڵی ١٩٩١ بڵاو کرایەوە، لەو بوارەی توێژینەوەدا جێی دەبێتەوە کە ئیمڕۆ پێی دەگوترێت: توێژینەوەی پاش کۆلۆنیالیزمی. ئەم کتێبە لەو دەورە دەکۆڵێتەوە کە "سەیروسەمەرەیی" لە پەرچە کرداری لێکۆڵەران و گەڕیدەکانی ئەوروپی لە مەڕ جیهانی نوێ (وشکایی ئەمریکا) دەیگێڕێت. ئەو ڕاشکاوانە سەیروسەمەرەیی بە "هۆکاری داگیرکاری" لە قەڵەم دەدات، بەو واتایە کە ڕەنگدانەوەکانی سەیروسەمەرەیی کە لە پەرچە کردارەکانیاندا (بە شێوەی نووسراو) بەرچاوە وەک ئامێری دەسەڵات بە کار دێن. هەرچەندە لەم کتێبەدا ناوەندی سرنج و باسوخواسەکان ئەوروپییەکانن، نەک ئەو جیهان و خەڵکە نوێیانەی کە بوونەتە هۆی سەرسوڕمانی ئەوروپییەکان، (ئەو بابەتەی کە لە توێژینەوەکانی پاش کۆلۆنیالیزم زیاترین سرنجی پێدەدرێت)، بەو ئەندازەیەی کە پشت ئەستوور بە مێژووخوازی نوێیە، بەشێکیشە لە توێژینەوەکانی پاش کۆلۆنیالیزم. داگەڕانە نوێیەکانی مێژووخوازی نوێ لە دەیەی ١٩٩٠ دەکرێت بە نیشانەی ئەو سەردەمە و شاهید حاڵی کاریگەریی لە کتوپڕ و هەمەلایەنەی توێژینەوەکانی پاش کۆلۆنیالیزم لە قەڵەم بدرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەکرێت ئەم گۆڕانکارییانە وەک

دژکردەوەیەک لە هەمبەر ئەو ڕەخنانە بزانین کە لە مێژووخوازی نوێ گیراون. ڕەخنەکارانی فێمینیست و ڕەخنەکارانی تر لەگەڵ تاووتەئسیری وێرانکارانەی تێڕوانینی مێژووخوازانی نوێ بۆ دەسەڵات و لەگەڵ ئەوەی کە چۆن لە ڕەخنەی مێژووخوازی نوێ پێکهاتەکانی دەسەڵات وێنەیەکی یەکدەست و هاوشێوە لە سەرلەبەری ئەو سووژانەی کە لە هەناوی ئەم پێکهاتانەدا دەژین، دەخاتە بەردەست و لە ئەنجامدا هەموو جیاوازییە چینایەتی و جنسی و ڕەگەزییەکان بە تەواوەتی وەپشتگوێ دەخرێن، دژایەتییان کرد. لە پەرچەکردارییاندا بۆ ئەم ڕەخنانە، مێژووخوازی نوێ لە لێکدانەوەکانیدا لە مەڕ چۆنێتی بیچم گرتنی سووژە، ئەم جیاوازییانەشیان خستە بەرباس. لە مێژووخوازی نوێی دەیەی ۱۹۹۰ سووژە تەنیا بەرهەمی ئایدیۆلۆژیی باڵادەست نییە، بەڵکو لە ئاستی جۆراوجۆر و لە سەردەمانی جۆراوجۆردا لەوانەیە لەسەر دەستی یەک، یان چەند وردە کولتوور لە پەنا ئایدیۆلۆژیی باڵادەست، بیچم بگرێت. لە چوارچێوەی تێڕوانینی لەم چەشنەدا دەستبەجێ هۆکارگەلێکی وەک جنسییەت و ڕەگەز زەق دەبنەوە، بەڵام تیور داڕێژیی هاوچەرخ دەربارەی جنسییەت و ڕەگەز کە لەژێر کاریگەریی پێداگرتنی پاش پێکهاتەخوازی لەسەر جیاکاری و جیاوازی شکڵی گرت، هێشتا قۆناغە سەرەتاییەکانی تەی دەکرد.

## ماتریالیزمی کولتووری

ڕەخنەی ماتریالیزمی کولتووری لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ۱۹۸۰ و لەگەڵ چاپی کتێبگەلی "تراژیدیی ڕادیکاڵ: ئایین، ئایدیۆلۆژی و دەسەڵات لە شانۆی شێکسپیر و هاوچەرخانیدا" (۱۹۸٤) نووسراوی جاناتان دۆلیمۆر، "بابەتی تراژیدی: ناسنامە و جیاکاری لە شانۆی ڕێنیسانسی" (۱۹۸۵) نووسراوی کاترین بلێسی و دوو کۆمەڵە وتار، واتە "شێکسپیرەکانی تر" (۱۹۸۵) کە جان دراکاکیز پێیداچووەتەوە و "شێکسپیری سیاسی: کۆمەڵێک وتار لەسەر ماتریالیزمی کولتووری" (۱۹۸۵) کە جاناتان دۆلیمۆر و ئالێن سینفیلد پێیداچوونەتەوە، پێگەی خۆی لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا مسۆگەر کرد.

با لێرەدا جارێکی تر بە کورتی ئاوڕێک لە لایەنە هاوبەشەکانی مێژووخوازی نوێ و ماتریالیزمی کولتووری بدەینەوە. یەکەم، سووژەکان ناتوانن لە زەمەن و سەردەمی خۆیان تێپەڕێنن و لەو چوارچێوە و سنوورە کولتوورییەدا دەژین کە ئایدیۆلۆژی و گوتارەکان بۆیان دروست کردوون. ئەو پێکهاتە ئایدیۆلۆژیکەی کە داهێنەران تێیدا دەژین و لە هەناوی خۆیاندا تواندوویانەتەوە، بە شێوەیەکی ناچارەکی بوونەتە پاژێک لە کاری ئەوان، هەربۆیە شوێنەواری ئەوان هەمووکات سیاسییە و هەموو دەم مەکۆیەکە بۆ دەسەڵات. دۆلیمۆر و سینفیلد لە پێشەکی "شێکسپیری سیاسی"دا دەڵێن، "شانۆنامەی شێکسپیر بۆیان نییە لەو تانوپۆ و زەمینەیەی تێیدا نووسراون - واتە سیستمی ئابووری و سیاسی سەردەمی ئێلیزابێت و بریتانیای چاخی جیمزی یەکەم و پێکهاتە تایبەتەکانی بەرهەمهێنانی کولتووری (کلێسا، پشتیوانیی دەرەبەگ، شانۆ، پەروەردە و بارهێنان) - جیا بکرێتەوە". ئەدەبیات، بە هۆی ئەوەی کە دەورێکی گرینگ لە داهێنان و سەقامگیرکردنی پێوەندییەکانی دەسەڵاتدا دەگێڕێت، تەنیا بریتی نییە لە ڕەنگدانەوەی ئەو کولتوورەی کە تێیدا بەرهەم هاتووە، بەڵکو چالاکانە و هەڵسووڕاوانە لە بیچم پێدان بە کولتوور و لە ئاکامدا مێژوو شوێندانەر و کاریگەرە. ماتریالیزمی مێژوویش وەک مێژووخوازی نوێ ئەوەمان نیشان دەدات کە چۆن چۆنی ئایدیۆلۆژی - و لە ئاکامدا سیستمی کۆمەڵایەتی بەردەست - هەوڵ دەدات بە بێ لە کیسدانی دەسەڵات و باڵادەستی، خۆی لە بارودۆخی نوێدا بپارێزێت، یان خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێ بگونجێنێت. دواجار لە سۆنگەی ئەوەی پێگەی ئەدەبیات جیا نییە لە دەقگەلی تر (ئایینی، سیاسی، ئابووری، یاسایی، و تاد)، بەم واتایە کە ئەدەبیاتیش وا نییە بە شێوەیەکی تایبەت دەستی بە هەقیقەتی ڕووت و باڵادەست ڕابگات، هۆیەک نامێنێتەوە کە بە شێوەیەکی تایبەت لەگەڵ دەقی ئەدەبی هەڵسوکەوت بکرێت و شانبەشانی شەبەنگێکی بەربڵاوی دەقگەلی غەیری ئەدەبی دەخوێندرێتەوە.

کەواتە چ شتێک ماتریالیزمی کولتووری لەم دەستە خوشکە کەمێک گەورەترە جیا دەکاتەوە؟ پێشتر باسی ئەوەم کرد کە مێژووخوازانی نوێ، تێکڕووخاندن و دژایەتی، یان لانی کەم شوێندانانی دژایەتی وەپشتگوێ دەخەن، ماتریالیستە کولتوورییەکان ئەم لایەنەی ڕوانگەی ئەوان پەسند ناکەن. ماتریالیستە کولتوورییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە وێ دەچێت دەقی ئەدەبی لە یەکەم ڕوانیندا پشتیوانی ئایدیۆلۆژیی

هاوچەرخن، بەڵام بە ئەندازەی هاوتا مێژووخوازەکانیان ئایدیۆلۆژی بە دەست ڕێشتوو و شوێندانەر نازانن. هەرچەندە ئاشکرایە کە ماتریالیستە کولتوورییەکان شوێنیان لە فووکۆ وەرگرتووە - بە تایبەتی لە لایەنی سرنجیان بۆ شێت و تاوانبار و چەوسێندراو و هەموو ئەوانەی وا لە بەستێنی مێژوودا وەپەراوێز خراو لە قەڵەم دراون - بەڵام ماتریالیزمی کولتووری شوێنپێی بیچوونی ویلیامز لە مەڕ ڕوانگەی گرامشی دەربارەی هەژموونی هەڵدەگرن. لە گۆشەنیگای ویلیامزەوە، وەک چۆن پێشتر باسی هاتە ئاراوە، کولتووری باڵادەست بە هەمە حاڵ تەنیا یەکێک لە یاریکەرانی مەیدانی کولتوورە، تەنانەت ئەگەر بەهێزترین یاریکەریش بێت. هەموو کات لە هەناوی کولتوورێکدا، کۆمەڵێک توێژی نیشتوو و هەروەتر هەندێ توێژی لە حاڵی سەرهەڵدان هەن کە لقوپۆپی تری ئەو شتەن کە گرامشی پێی دەڵێ هەژموونی. ویلیامز خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "لە ڕاستیدا چ کولتوورێکی باڵادەست بوونی نییە کە سەرلەبەری کردەی مرۆڤ توان و برستی مرۆڤ و خواست و نییەتەکانی مرۆڤ یەکجێ بگرێتە خۆی".

باسی ئالێن سینفیلد دەربارەی ئۆتێلۆی شێکسپیر لە کتێبی "خەوشەکان: ماتریالیزمی کولتووری و سیاسەتی خوێندنەوەی دژبەر" (١٩٩٢) دەشێت وەک نموونە باسی لێبکرێت. لە کولتووری باوکسالاردا کە دەقە شانۆییەکەی شێکسپیر پێناسەکەرێتی، دزدەمۆنا پێویستە بە قسەی باوکی بکات و دەوری کچی ملکەچ لە ڕەوتی سروشتی ڕووداوەکاندا دەشێت وای لێ بکات تا لە بابەت پرسی شووکردن بۆ خواستی باوکی مل بدات، ئەگەرچی لە سەرەتاکانی سەردەمی مۆدێرن ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لەسەر ئەم بۆچوونە پێدادەگیرێت کە هاوژین خوازی بابەتێکی شەخسییە و دەشێ کەسەکە خۆی لەم بارەیەوە بڕیار بدات. ئەم "پارادۆکسە لە ئایدیۆلۆژیی هاوژین خوازی"دا - یەک لەو خەوشانەی سینفیلد دۆزیوەتەوە - ڕێگا بە دزدەمۆنا دەدات بۆ ئەوەی بۆچوونی باوکی بە هەند وەرنەگرێت و شوو بە پیاوێک بکات کە لە ڕوانگەی ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە دزدەمۆنای لێ هەڵکەوتووە، کەسێکە بە تەواوەتی نەشیاو و نەگونجاو، هەربۆیە نەزمی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ژێر گوشاری ڕاستەخۆ. پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە سینفیلد لە ڕوانگەی لیبراڵ هیومانیستییەوە چاو لە دزدەمۆنا ناکات: دزدەمۆنا لەو هەڵبژاردنەیدا کە بە پێچەوانەی ڕەوتی باو ڕەچاوی دەکات، بکەرێکی سەربەخۆ و خۆبژێو نییە. ئەمە خەوشی بەرباسە کە سینفیلد گوتەنی "ئەگەری هێزەکیی دژبەرایەتی" دەهێنێتە ئاراوە. دژبەرایەتی ئەوەندە زۆر پێوەندی بە بکەربوونی تاکەکەسییەوە نییە، بەڵکو بە پلەی یەکەم ئەنجامی پارادۆکسە دەروونییەکانی نەزمی کۆمەڵایەتی باڵادەستە.

لەو سۆنگەیەوە کە خەوشی لەم چەشنە لە هەموو کولتوورێکدا بوونی هەیە، سروشتییە کە لە دەقی ئەدەبیشدا دەردەکەون - بە تایبەتی لە دەقی ئەدەبیدا، بە هۆی ئەوەی کە ئەدەبیات پانتاییەکە کە سەرباری ئەوەی ئایدیۆلۆژی تێیدا زاڵ و باڵادەستە، دەکرێت پارادۆکس و تەنگەژەکان بە باشی وەسف و وێنا بکات. ماتریالیزمی کولتووری بە پاڵپشتیی درز و کەلێنەکانی ئەو ڕواڵەتە ئایدیۆلۆژیکییەی کە دەق پێناسەکەرێتی، تەنانەت کۆنەپارێزترین دەقەکانیش بە شێوەی پێچەوانەی حاڵەتی زاڵ بە سەریاندا دەخوێنێتەوە و ئەگەر و ئیمکانی بیستنی دەنگی گرووپە وەپەراوێز خراوەکان دەخوڵقێنێت و دەمامک لە ڕوخساری ئەو دامودەزگا ئایدیۆلۆژیکەی کە هۆکاری وەپەراوێز و تەریک خستنی ئەو گرووپانە دادەماڵێت. ئەوەی کە چۆن چۆنی وەرگرتن و تێگەیشتنی دەقی ئەدەبی لە ڕەخنەی نەریتیی ئینگلیزی، ئەمریکی پێشی بە بینینی خەوشە ئایدیۆلۆژیکەکانی ئەو دەقانە گرتووە، هەروەتر لەو باسوخواسانەیە کە ماتریالیزمی کولتووری هۆگریەتی. دلیمۆر لە "تراژیدیی ڕادیکاڵ"دا ئاماژە بەوە دەکات کە لە شەرح و ڕاڤە نەریتییەکاندا لەسەر تراژیدییەکانی سەردەمی جیمزی یەکەم وەکی "دکتۆر فاستوس" مارلۆ و "تراژیدی تۆڵە"ی تێرنێر، سرنج بەوە نەدراوە کە ئەم تراژیدییانە چۆن چۆنی گومان لە بنەما هیومانیستییەکان دەکەن، چونکی ڕەخنە نەریتییەکان پێداگری لەسەر ئەو شتە دەکەن کە لەگەڵ ئەسڵە هیومانیستییەکاندا دەگونجێن. ئاشکرایە ئەم جۆرەی لە هەرادانی هاودەستیی نێوان ڕەخنە و دەق، ڕێگا بۆ خوێندنەوە تێکدەرەکانی تر خۆش دەکات.

ماتریالیزمی کولتووری خوێندنەوەی تێکدەرانەی دەقگەلی سەر بە سەردەمی ڕابردوو بە جۆرە چالاکییەکی سیاسی لە ساتەوەختی ئێستادا دەهێنێتە هەژمار، جۆرە خەباتێکی سیاسی و هەڵگری هەڵوێستی پارێزکارانەی خاوەنی ئاراستەیەکی هیومانیستی و ئەو میتودە سیاسییانەی کە هێشتا لە نێو وێژەوانانی زانکۆیی و

ئەوانەی کە بەڕێوەبەرایەتیی بنکەگەلی پەروەردەییان وەئەستۆیە، برەوی هەیە. کەواتە میتودی ڕەخنەی ماتریالیزمی کولتووری نەک هەر هەوڵ دەدات تێگەیشتنێکی تر بۆ ڕابردوو بهێنێتە ئاراوە، بەڵکو هەر بەو ڕێژەیە تێدەکۆشێت لە ڕوانگەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی و فێمینیستییەوە بێتە سەرچاوە و ژێدەری گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە هەنووکەدا. (باسوخواسەکانی کاترین بێلسی لە "بابەتی تراژیدی" سەبارەت بە نواندنە جۆراوجۆرە ئەدەبی و نا ئەدەبییەکانی پیاوکوژەکەی سەدەی شازدە، واتە ئالیس ئاردن، پیشاندەری ئەو سرنجەیە کە ماتریالیزمی کولتووری دەیگرێتە فێمینیزم، ئەگەرچی هۆگریی بێلسی بۆ ناسەقامگیری زاتی دەق، بەو چەشنەی لە پاش پێکهاتەخوازی دریداییدا هاتووەتە گۆڕێ، ئەو لە بوار و بەستێنی سەرەکی ماتریالیزمی کولتووری دوور دەخاتەوە.) دلیمۆر و سینفیلد لە پێشەکی کتێبی "شێکسپیری سیاسی"دا نووسیویانە:

ماتریالیزمی کولتووری، بە پێچەوانەی میتودە سەقامگرتووەکانی تری ڕەخنە، هەوڵ نادات ڕوانگەی خۆی وەک ڕوانگەیەکی سروشتی و ئاشکرا و وەک ڕاڤەیەکی دروستی دەق نیشان بدات. بە پێچەوانە، دەروەستی گۆڕانکاریی سیستمێکی کۆمەڵایەتییە کە لەسەر بنەمای جیاوازییە جنسی و ڕەگەزی و چینایەتییەکان زوڵم و زۆر دەکات و دەیانچەوسێنێتەوە.

لە کاتێکدا مێژووخوازانی نوێ بە لە قاودانی پێوەندییە شاراوەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵێک دەقی ڕێنیسانسدا خۆشحاڵ و خەنی دەبن، ماتریالیستە کولتوورییەکان بە دوای حاڵەتەکانی دژایەتی و تێکدان و تێرووخان و سەرپێچی کردندا دەگەڕێن کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندییان بە ململانێ سیاسییەکانی هاوچەرخەوەیە. هەر بەم هۆیەوە ماتریالیزمی کولتووری زۆر حەزی لە چۆنێتیی کارکردی دەقگەلی لە مێژینەیە، وەک شوێنەواری شێکسپیر، لە سەردەمانی دواتر و لە کولتووری هاوچەرخدا. دلیمۆر و سینفیلد لەم بابەتەوە دەڵێن: "کولتوور پرۆسەیەکی بەردەوامە و دەقی شێکسپیر هەموو کات و لە ڕێگای پێکهاتەگەلی جۆراوجۆر و لە تانوپۆگەلی تایبەتدا، سەر لە نوێ چێ دەبێتەوە، هەڵدەسەنگێندرێتەوە و ئەرک و کارکردگەلی نوێ وەدەست دەهێنێت. ئەوەی کە شانۆیەکان دەلالەت بۆچی دەکەن و چۆن دەلالەت دەکەن، بەو پانتاییە کولتوورییەوە بەستراوەتەوە کە تێیدا جێگیر بوونە. بۆ نموونە، ماتریالیزمی کولتووری ئەو پرسیارە دەهێنێتە گۆڕێ کە چ شانۆیەک، یان کام پاژ لە شانۆیەک، لە پێڕستی بابەتەکانی قۆناغی دواناوەندیدا گونجێندراوە و بە کام هۆکار، هەروەها کام دەقی شانۆیی لە پەیڕەو و پرۆگرامی خوێندنی زانکۆکاندا بە کار هاتووە، یان کام یەک لە غەزەلەکانی شێکسپیر زۆربەی جار بۆ کتێبە گوڵبژێرەکانی شیعر هەڵدەبژێردرێن. کام دەقی شانۆیی لە کوێ و لە کام زەمینەدا نمایش دەکرێت؟ نوسخەی نوێی ڕیچاردی سێیەم - کە "یان مەک کۆلن" تێیدا دەور دەگێڕێت و کەسایەتییە سەرەکییەکەی ئەو کەسەیە کە لە دەیەی ١٩٣٠ و لە بریتانیا بەردی بناغەی ڕژێمێکی فاشیستی دانا - چۆن چۆنی دەخوێندرێتەوە؟ بە وتەیەکی تر، شێکسپیر چۆن دروست دەکرێت و لە کام ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیکییەوە؟

سینفیلد، لە یەکێک لەو وتارانەی کە لە کۆمەڵەی شێکسپیری سیاسیدا چاپ کراوە، بەو ئەنجامە دەگات کە لە "سیستمی پەروەردەییدا، شێکسپیر بە جۆرێک دەخوێندرێتەوە وەک بڵێی هەموو کات ئەو هەقدار و لەسەر هەقە"، پاشان لەسەری دەڕوات و دەڵێت: "ئەمە شتێکە کە ئێمە دەمانەوێت بیگۆڕین" لە بابەت ڕیمۆند ویلیامزیش هەر بەم شێوەیەیە، چونکی لە ڕوانگەی ماتریالیستە کولتوورییەکانەوە، ئایدیۆلۆژی لە بنکەگەلێکی لە چەشنی زانکۆ، موزە، هێزی سەربازی، قوتابخانە، یەکێتیی کرێکاران، کڵێسە و...تاددا شکڵ و شێوەیەکی بەرهەست و ماددی وەخۆ دەگرێت، هەروەها لە ڕێگای بە کار هێنانی وێنە و وێنا کردنەکانی پێوەندیدار بە ڕابردووەوە لە خزمەتی ئایدیۆلۆژیی هاوچەرخە - بۆ وێنە، لە خستنە نێو بازاڕی ئەو بەرهەمەی کە "شێکسپیر"ی پێ دەڵێن (یان کۆمەڵێک حاڵەتی تر کە لە پیشەسازیی میراتی کولتووریدا، بازاڕی بە برەوە) و کەڵک وەرگرتن لە وشەی "شێکسپیر" لە ڕیکلامی بازرگانیدا - بەرجەستە دەبێتەوە. سینفیلد لە کتێبی "خەوشەکان"دا ئەوە نیشان دەدات کە چۆن بەرهەمێکی کەلوپەلی سەربازی بۆ ڕیکلامی ئامێرەکانی ئاماژە بە شانۆی شێکسپیر دەکات کە وەبیرهێنەرەوەی بەردەوام بوونی نەریتی ئینگلیزییە. لە گۆشەنیگای ماتریالیزمی کولتوورییەوە، کولتووری هاوچەرخ، هەم لە شێوە سەقامگرتووەکەیدا، هەمیش لە شێوەی جەماوەرپەسند و بەرهەم هێنانی فراوانیدا،

مەیدانی ململانێ و شەڕە کە تێیدا ئایدیۆلۆژییەکی پارێزکاری هەمە لایەنە بە بەردەوامی بۆ بەربەرەکانی بانگ دەکرێت.

ئەو باسوخواسە توندوتیژانەی کە دوا بە دوای سەرهەڵدانی ماتریالیزمی کولتووری لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٨٠ هاتنە ئاراوە، خۆی دەربڕ و شاهیدی تاو و تەئسیریانە، ئەگەرچی لە هەمان کاتدا پیشاندەری دەسەڵات و زۆر بوونی ژمارەی ئەو تاقمە لە وێژەوانانی زانکۆییە کە تێڕوانینێکی نەریتی تر و هیومانیستیتریان، بە تایبەتی لە حاند شێکسپیر بە باش زانیوە کە شوێنەواری ئەو لە ناوەندی سرنجی ئەم باسوخواسانەدا بووە. ماتریالیزمی کولتووریش ڕێک وەک مێژووخوازی نوێ، هەرچەندە لە توێژینەوەگەلی ڕێنیسانسەوە دەستی پێکرد، بەڵام بووەتە شێوازێکی گرینگی ڕەخنەی دەقی سەردەمانە جۆراوجۆرەکان و وەک مێژووخوازی نوێ، لە سەرەتاکانی دەیەی ١٩٩٠ پەرەی بە هۆگرییە سەرەکییەکانی خۆی داوە و خۆی بە کێشەکانی پێوەندیدار بە دەسەڵاتداری و جنسییەتیشەوە (فێمینیزم هەر لە سەرەتاوە لە بەرنامەی باسوخواسیاندا بووە) خەریک کردووە و هەڵبەت هەموو کات شوێنپێی ئامانجی هێنانە ئارای گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسی هەنووکەدا هەڵگرتووە. کتێبی دلیمۆر بە ناوی "دژبەرایەتیی جنسی: لە ئاگوستینەوە بۆ وایلد، لە فرۆیدەوە بۆ فووکۆ" (١٩٩١) و کتێبی سینفیلد بە ناوی "سەدەی وایلد: هەڵسوکەوتی ژنانە، ئۆسکار وایلد و چرکەساتی لادەرانە" (١٩٩٤) و کتێبەکەی تری بە ناوی "سیاسەتی کولتووری:خوێندنەوەی لادەرانە" کە هەمان ساڵ چاپ بووە، پیشاندەری پەرەسەندنی پانتایی هۆگرییەکانی ماتریالیستە کولتوورییەکانە. لە بەشی دواتری ئەم کتێبەدا باسی تیوری پاش کۆلۆنیالیزم – پرسی دەسەڵاتداری – دەهێنینە ئاراوە کە لە دەیەی ١٩٩٠ بوو بە یەکێک لە زەمینە و بوارەکانی توێژینەوەگەلی ماتریالیزمی کولتووری.

### پوختە

پاش هێنانە ئارای باسوخواسەکانی تیوری پاش پێکهاتەخوازی، ڕەخنەی ئەدەبی وەک پاژێکی لێکدانەبڕاو لە تانوپۆ و زەمینەیەکی کولتووری زۆر بەربڵاوتر لە ئەدەبیاتی دەڕوانی. ڕەخنەکاران، سەرەتا لە بواری توێژینەوە ڕێنیسانسییەکان، پاشان لە توێژینەوە ئەدەبییەکاندا بە واتا گشتییەکەی، کار و هەوڵی خۆیان لەسەر بناغەی ئەم گریمانەیە دامەزراند کە دەقگەلی ئەدەبی بە شێوەیەکی ناچارەکی لە هەناوی ئەو جۆرە گوتارانەدا هەڵکەوتوونە کە فووکۆ گوتەنی هەڵگر و پارێزەری دەسەڵاتی کۆمەڵایەتین. مێژووخوازانی نوێ (کە زۆربەیان ئەمریکین) و ماتریالیستە کولتوورییەکان (کە زۆربەیان بریتانین) دەقی ئەدەبی لە گۆشەنیگای دەور و کاریگەرێتییان لە گەڕیانی دەسەڵاتدا تاووتو دەکەن و لەم بوارەدا ڕەخنەکارانی بریتانی، بە تایبەت هۆگرییەکی فراوانتریان نیشان داوە بە نیسبەت نیشانەگەلی دژبەرایەتی ڕاستەقینە و ئەو دەورە زۆرتر پارێزکارانەیەی کە تێیدا هێما کولتوورییەکان، یەک لەوان شێکسپیر، وایان لێکراوە لەم سەردەمەی دواییدا بیگێڕن. مێژووخوازانی نوێ و ماتریالیستە کولتوورییەکان، بۆ ئەوەی دەمامک لە ڕوخساری لایەنە سیاسییەکانی دەقی ئەدەبی دامالن، زۆرتر ئەو دەقانە لە پێوەندی دەگەڵ دەقی نائەدەبی و بە گەڕانەوە بۆ سەر گوتاری باڵادەست، یان گوتارەکانی سەروبەندێکی تایبەت، دەخوێننەوە.

**سەرچاوە:**

**Bertens Hanz. Literary Theory (The Basics). Chapter 7: Literature and Culture.**